



## هەستەکانی تۆ

# من بێتاقەتم

نووسینی: برایان موزس

نیگاری: مایک گۆردن



بۆ فارسی: قاسم کەریمی    لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی



# من بێتاقەتم


نووسینی: برایان مورس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی

کاتێک بێتاقەتدەبم...
لە ماسییەکی ئاڵتونیی بچکۆلە
دەچم لەناو نایلۆنێکی پڕ ئاودا.






له پڵنگێک دەچم کە لەناو قەفەسەکەیدا هەر دێت و دەچیت.



له مشکێک
دەچم کە لەناو
چەرخێکدا هەر
ڕادەکات و
بە هیچ کوێ
ناگات.

کە بێتاقەت دەبم.
نایەڵم ئەوانیتریش کارەکانیان بکەن.



دەنگی خوشکەکەم دەردەهێنم.



ئازاری پشیلەکە دەدەم.




یارییەکانم پەرشوبڵاودەکەمەوە .



هەندێک جار باوکم خەریکی شتکڕین دەبێت.
بیری دەچێت چی بکڕێت. ئیتر زۆری پێ دەچێت.







منیش تاقەتم دەچێت.

هەندێک جار بە ئوتومبیلەکەمان دەچین بۆ سەفەر. منیش هەر دەبێت لەناو ئوتومبیلەکەدا دابنیشم و هیچ نەکەم. بۆیە زوو زوو دەپرسم:

«کەی دەگەین؟»

ئیتر تاقەتم دەچێت.




ئەی کەواتە
کەی دەگەین؟

کاتێک میوانی دایکم دێت.
باسی ئەم و ئەو دەکەن و من پشتگوێ دەخەن..




ئیتر منیش تاقەتم دەچێت.



هەندێک جاریش کەسانی تر تاقەتیان لە من دەچێت.

بۆ نموونە، کاتێک داوای شتێک دەکەم و زوو زوو داواکەم دووبارەدەکەمەوە.



یان کاتێک داوادەکەم
چەند جارێک هەمان
کتێبم بۆ بخوێننەوە.



یان کاتێک داوام لێ دەکەن
کارێک بکەم و من بەقسەیان ناکەم.





کاتێک تاقەتم دەچێت هەوڵدەدەم...



خۆم بە یارییەکەوە خەریکبکەم،
یان کتێبێک بخوێنمەوە



ئەگەر کەسێک هەبێت یاریی لەگەڵدا بکەم، بێتاقەت نابم.





ئەگەر ئیشەکانی خۆم بکەم کە پشتگوێم خستوون، چیتر بێتاقەت نابم. بۆ نموونە، ئەگەر یارییەکانم ڕێکبخەمەوە.





هەندێک جار کە بێتاقەت دەبم، لەسەر چیمەنێک
ڕادەکشێم و سەیری ئاسمان دەکەم. سەیری هەورەکان
دەکەم. جاری وایە هەورەکان لە پاڵەوانێک، یان قەڵایەک،
یا ئەژدیهایەک و یان وڵاتی سەیروسەمەرە دەچن.
منیش بەخەیاڵ بەسەرهاتەکانیان دەبینم.






تۆ کە بێتاقەت دەبیت چی دەکەیت؟



















**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپکراوە